# مێژووی ستراتیژییەکی شکست خواردوو
# حیزبی کۆمەڵەو بە ئێرانیکردنی دۆزی کورد

ئەیوب ئەیوبزادە

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین، مەبەست لە پێکهێنانی هەرحیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی، دەبێ وڵامدانەوە بێ بە پێویستییەکانی ناو هەناوی کۆمەڵگا. دیارە جۆری پێویستییەکان لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕدرێ و مەرج نییە ئەوەی وەک پێویستییەک بۆ وڵاتیک هەست پێدەکرێ، بۆ ژینگەیەکی تریش هەر بە هەمان شێوە بێ. جۆری هەویەی سیاسی و فیکریی حیزبەکانیش بە شێوەیەکی ئاسایی دەبێ ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخە بن کە باڵی بە سەر کەشوهەوای ئەو وڵاتەدا کێشاوە. بۆ وێنە کاتێ لە وڵاتێکی وەک ئەفغانستان حیزبێکی مارکسیست- لینینیستی سەر هەڵدەدا لە هەر گۆشە نیگایەکەوە لەم مەسەلەیە بڕوانین، بونیاتنانی حیزبێکی وا نەیدە توانی ئاکامێکی سەرکەوتووانەی بۆخەڵکی ئە و وڵاتە لێبکەویتەوە.
نموونەیەکی تری پێچەوانەی ئەمە، لەدایک بوونی کۆمەڵەی ژێکاف لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. لە دروست بوونی ژێکاف دا تەنیا حەز و خولیای کۆمەڵێک روناکبیر و تێکۆشەری کورد بۆ رزگاری لە داگیرکراوی وڵات دەوری نەبینی، بەڵکوو بە هاتنەمەیدانی ژێکاف خواستێکی مێژوویی لە مێژینەی مرۆڤی کوردیش وەڵامی وەرگرتەوە. فەرق و جیاوازیی نێوان ئەم دوو جۆرە لە مودێلی حیزبسازی، تەنیا لە وێنە و قەوارەی ڕێکخراوەیی و جۆرە جیاوازیێکی ساکاردا خۆی نابینێتەوە، بەڵکوو لە سەر ڕەوتی بەرەو پێشچوون یان چەقینی ئەو وڵاتەش کاریگەرییەکی حاشاهەڵنگری دەبێ.
لە مۆدێلی یەکەمیاندا، کۆمەڵگا و مرۆڤەکان دەبێ لە قالب بدرین. لەو مۆدیلەدا ئەوە تیئۆری نییە، دەبێ خۆی لەگەڵ کۆمەڵگا ڕێک بخا، بەڵکوو بە پێچەوانەوە بۆ ئەوەی تیئۆری لە کەمی نەهێنێ، ئەوە کۆمەڵگایە دەبێ خۆی لەگەڵ تیئۆرییەکان ڕێک بخا. لەم بەستێنەدا، نوسخەیەکی لە پێشدا وەرگیراو، وڵامیکی حازر و ئامادەی لە لایە بۆ هەموو پرسیارەکان. لەو بەستەڵەکە فیکرییەدا بەشێوەیەکی دڵخواز و دەسکرد، جۆری کێشە و گرفتی سەرەکی کۆمەڵگاکان دێنە گۆڕاندن. بۆ وێنە ئەگەر خەڵکی وڵاتەکە بە دەس ئاسەوارەکانی باڵادەستیی نەتەوەیەکی دیکەوە دەناڵێنن، ئەوە گرینگ نییە، گرینگ ئەوەیە جۆری ئیدئۆلۆژی سەردەم چ دەخوازێ. لەو کاتوساتەدا لە نەبوو دەبێ بوو چی بکرێ و مەسەلەی لاوەکی لە جێگای مەسەلەی سەرەکی دابنرێ.

**پێکهاتنی کۆمەڵە و پێداویستییە راستەقینەکانی کۆمەڵگای کوردەواری**

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بونیاتنانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە ساڵی 1348 ی هەتاوی دیاردەیەکی لەم چەشنە بوو. لە هەر ڕوویەکەوە لە بنەما فکرییەکانی ئەم ڕێکخراوە بڕوانیین، چ پێویستییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی بۆ لەدایکبوونی تێدا نابینین. ئێستاش دوای تێپەڕبوونی هەموو ئەو ساڵانە روون نییە ئەو ڕێکخراوە بۆ وڵامدانەوە بە کام پێویستی هاتووەتە ئاراوە؟ فەلسەفەی بوونی چ بووە؟ لە ڕێگای دروست بوونی ئەو ڕێکخراوەوە قەرار بوو، وڵام بە کام پێویستیی کۆمەڵگای کوردەواری بدرێتەوە؟
بە گوێرەی ئەوەی لە ئەدەبیاتی سیاسی کۆمەڵەدا باسی لێوە دەکرێ لە پاییزی ساڵی 1348 ی هەتاوی ئەو ڕێکخراوە وەک شانەیەکی چەند کەسی بڕیاڕی دامەزراندنی بۆ

دراوە. مارکسیسم–لێنینیسم بە گشتی و پەیڕەویکردن لە بیروڕاکانی مائۆ و ئۆلگوو هەڵگرتنەوە لە مۆدێلی شۆڕشی چین، جۆری جیهانبینیی ئەو ڕێکخراوەی پێکهێناوە.

هەرچەند دامەزراندنی کۆمەڵە هاوکات بووە لە گەڵ یەکێک لە قۆناغە قەیراناوییەکانی جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام پێکهاتنی کۆمەڵە نەک هەر وەڵامدانەوەیەکی واقعبینانە و سوودبەخش بە پێداویستییەکانی ئەو هەلومەرجە مێژووییەی جووڵانەوەی کورد نەبووە، بەڵکو لە جێدا حەوڵێکی تەواو دابڕاو و بێ پێوەند لە سەر بنەمایەکی فکریی تەواو نامۆ بە پێداویستییە بابەتییەکانی کۆمەڵگای کوردەواری ئەو سەردەمە بووە.

ئەم ڕێکخراوە تا بەرەبەری ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی لە ئێران، ناوێکی دیاریکراوی نەبووە و لە ناو خۆیاندا " تەشکیلات"یان پێ‌گووتووە. لەو سەروبەندەدا کە خۆپێشاندانە جەماوەرییەکان، دەسەڵاتی پاشایەتیی بە تەواوی لەرزۆک کردبوو، بڕیاری پێکهێنانی کۆبوونەوەیەکی گشتی دەدرێ، لەو دانیشتنەدا گەورەترین غەدری مێژوویی لە کۆمەڵەی ژێکاف دەکرێ و ناوی کۆمەڵە بۆ ئەو حیزبە هەڵدەبژێردرێ.

ئەگەر چی بە هۆی ڕێفۆڕمی زەوی و زاری شا لە ئێران، پێوەندییەکانی بەرهەم هێنان هاتبووە گۆڕاندن و سیستەمی ئەرباب و رەعییەتی جێگای خۆی بۆ شێوە بەرهەمهێنانی سەرمایەداری جێ هێشتبوو، بەڵام کۆمەڵە بە هۆی پەیڕەویکردن لە ڕێباز و فکری مائۆئیسم، کۆمەڵگای ئێرانی بە گشتی و کۆمەڵگای کوردستانی بەتایبەتی بە نیمە فیئۆداڵ و نیمەمۆستەعمەرە لەقەڵەم دەدا.

بە گوێرەی ئەم بنەمایەش کێشە و ململانێی سەرەکی لەو کۆمەڵگایانە، مەسەلەی زەوی و وەرێخستنی شۆڕشی جووتیارییە. هەر بۆیە لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی هەموو حەولی کۆمەڵە، کە لەو کاتەدا بە ناوی "جمعیت" بەرێوە دەچوو، دروستکردنی یەکێتی جوتیاران بوو.

لە کاتێکدا تاران خۆی بۆ هێرش هێنانە سەر کوردستان سازمان دەدا، هەموو سەرقاڵییەکانی ئەو حیزبە، وەڕیخستنی شۆڕشی جووتیاری بوو لە کوردستان. کاتێ لە ڕۆژی 28 ی گەلاوێژی ساڵی 1358 ی هەتاوی خومەینی جیهادی بە دژی کورد ڕاگەیاند، تا ڕۆژی 27 ی گەلاویژی ئەو ساڵە کۆمەڵە لە "کەرەفتو" شەڕ و دووبەرەکی لە کۆمەڵی کوردەواری دەنایەوە. بەڵام ئەگەر ئێعلامی جیهادی خومەینی بۆ کورد بە مانای تێوەگلان لە شەڕێکی بێ بەزەییانە بوو، لە هەمان کاتدا بۆ ڕێبەڕانی کۆمەڵە هەڵگری پەیامێکی ئاشکرا بوو.

ئەو پەیامەش بەو مانایە بوو، کێشەی سەرەکی لە کوردستان مەسەلەی زەوی و زار نییە، بەڵکوو کێشەی نێوان نەتەوەی حاکم و مەحکوومە. کێشەی بوونی ماڵێکی سیاسییە. مەسەلەی بوون و نەبوونی نەتەوەیەکە. لێرە بە دواوە ئێتر کۆپی کردن لە ئۆلگوی شۆڕشی چین چیتر نەیدەتووانێ درێژەی پێ بدرێ.

بە دەستپێکی شەڕ لە کوردستان خەوی وەڕێخستنی شۆڕشی جووتیاری کۆتایی پێ‌هات. ئەوە یەکەم تاقیکردنەوەی شکستی بنەما فیکرییەکانی ئەو حیزبە لە مەیدانی کردەوەدا

بوو. بەڵام بەشداریی کۆمەڵە لە شەڕی سێ مانگە لە لایەکەوە قەیران و شکستی فیکریی ئەو حیزبەی لە بەر چاوان بزر کرد و لە لایەکیترەوە هەلێکی لەباری بۆ رەخساند.
ئەو ڕێکخراوەی کە لە رۆژی لەدایکبوونییەوە بۆ وەدیهێنانی خواستێکی نەتەوەیی بونیاد نەنرا بوو، توانی لە ناخی بزوتنەوەیەکی نەتەوەییدا گرۆتینێکی کۆمەڵایەتی وەربگرێ.
کاتێ لە سالی 1348 ی هەتاوی بیر لە جۆری بنەما فیکرییەکانی ئەو حیزبە کراوەتەوە، ئەوەی بەلایدا ناچن بیری نەتەوەیی و مەسەلەی ژێر دەستەیی کورد و دۆزی ناسیۆنالیی کورد بووە. رادیکالیزمی ئەو حیزبە هیچ کاتێک چ پێوەندییەکی بۆ بە دەوڵەت بوونی کورد تێدا نەبووە، بەڵام لە نەگبەتیی کورد، حیزبێکی وا توانی لە ناخی بزووتنەوەیەکی رزگاریخوازانەی نەتەوەییدا جۆرە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی بە دەس بێنێ.

**ڕێبازی کۆمەڵە و تراژیدیای نەتەوەخوازیی کورد**

بە هەموو حیساب و پێودانگێ حیزبێکی تەیار بە فکر و ڕێبازی مائۆییستی نەیدەتوانی وەک زمانحاڵێک، تەعبیر لە نەتەوەخوازیی کوردی بکا. بێ کیانی و ژێر دەستەیی کورد، دەیتوانی چ پێوەندیێکی خزمایەتی لە تەک ڕێبازی مائۆییستیی کۆمەڵە هەبێ؟ ئەو "ئیسمە" لە کوێ دەیتوانی وەڵامی بۆ ژێر دەستەیی کورد لە لا بێ؟
ڕاستییەکەی ئەوەیە لە هەر روویەکەوە لەو مەتەڵۆکەیە بڕوانین، ئەمە دەبێ بەر لە هەر تشتێ بە حیسابی لاوازی و گرفت و تەنگ و چەڵەمەی فیکریی گوتاری نەتەوەخوازیی کوردیی بژمێردرێ. لە دوای هەرەسی کۆماری کوردستانەوە، بیری نەتەوەخوازیی کوردی، کێڵگەیەگی بەیار و بێ خاوەن بووە. کام" ئیسم" باوی سەردەم بووبێ توانیویەتی بێ هیچ گرفتێک ماڵ و حاڵێکی تێدا چێ بکا.
لەو کاتەوە تا ئێستا هەموو رەگەزە فیکرییەکان، هەر لە مارکسیسم_ لینینیسمەوە بگرە تا لیبڕالیسم و دیسکورسی دیموکراسیخوازی توانیویانە بێ هیچ قڕەیەک لە سەر سفرەی ئەو ناسیۆنالیزمە کڕوکاشی خۆیان بکەن، بەڵام لەو نێوەدا دۆڕاوی سەرەکی، هەر بیری نەتەوەخوازیی کوردی بووە.
بەلام حەولدان بۆ گۆڕینی دروشم وگوتاری نەتەوەخوازیی کوردی، لە ڕێبازێکی رزگاریخوازانەوە بۆ پاشکۆیەتی کورد بە تارانەوە، تەنیا دیوێکی خەسارەکانی هاتنی ئەم ڕێبازە فیکریانەمان لە کوردستان بۆ دەسنیشان دەکەن.
ئەگەر لە گشت بزووتنەوەیەکی نەتەوەخوازیدا، ناسیونالیزم سروودێکی گشتی و هێزێکی ڕێکخەر و کۆکەرەوەیە بۆ بەگژداچوونەوە لە حاند داگیرکاری، بە دزەکردنی ئەم ڕێبازە فیکرییانە بۆ ناو بزووتنەوەی کورد، ماڵی لێک ترازاوی کورد هێندەی دیکەش تووشی لێکدابڕان و دووبەرەکی هاتەوە.
لە ژێر کارتێکەریی ئەم رەوتە فیکرییانە بە درێژایی چەندین ساڵ کوردستان کرایە گۆڕەپانی رقەبەرایەتی و شەڕی ئیدئۆلۆژییەکان و گیانی سەدان مرۆڤی کورد کرایە دەستەچیلەی شەڕی نێوخۆیی .
هەڵسوکەوتی کۆمەڵە لە رۆژهەلاتی کوردستان وێنەیەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ سەلماندنی ئەو تراژێدییایەی بە سەر بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی بندەستی ئێراندا هاتووە.

بەدرێژایی هەموو تەمەنی سیاسیی ئەو حیزبە، گوتار و ڕێبازی فیکری کۆمەڵە بۆ کپکردن و دژایەتی کردن لەگەڵ بیری نەتەوەخوازیی کورد بەکار هاتووە. ئەوەش لە حاڵێکدا بووە کە ئەو حیزبە هەموو هێز و وزەی بەکردەوەی خۆی لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان وەرگرتووە.
نامۆیی و دژایەتی لەگەڵ بیری نەتەوەیی کورد، تەنیا تایبەت بە قۆناخێکی دیاریکراوی مێژووی ئەو حیزبە نییە. بە نزیک بوونەوەی دەم و کاتی پێکهێنانی کۆنگرەی دووهەمی کۆمەڵە لە نێوەڕاستی خاکەلێوەی ساڵی 1360 ی هەتاوی ئەم دژایەتییە پێی نایە پانتاییەکی بەرینترەوە.
کاتێ کۆمەڵە نەیتوانی لە کوردستان خەونی شۆڕشی جووتیاری بێنێتە دی ، لە تیئۆری و لە پراکتیک دا، لەگەڵ قەیران و بۆشاییەکی گەورەی فیکری و سیاسی بەرەوڕوو ببوو.
ئەوەی جێیداخە ئەوەیە کە ئەم حیزبە لە هیچ قۆناغێکی ژیانی دواتریشیدا نەیتوانی وەڵامێکی دروست بە پێداویستییە راستەقینەکانی بزوتنەوەی کورد بداتەوە. تەنانەت کاتێک کە لە دوای کۆنگرەی دووهەمەوە حەولیدا بەرنامەیەکی بۆ چارەسەری پرسی نەتەوایەتیی کورد هەبێت، هێشتاش نەیتوانی وەڵامێکی دروست و راستەقینە بەو پرسە لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بداتەوە.[1]

**قەیرانی ناسنامە و سەرەتای هەڵەیەکی زیانبارتر**
ئەو ناسنامە سەقەتەی کە بە ئیلهام وەرگرتن لە فیکر و ڕێبازی مائۆ و ئۆلگووی شۆڕشی چین کرابوونە شوناسی کۆمەڵە، بە وەلانانی بە کردەوەی ئەو ڕێبازە ئەو ڕێکخراوەی بێ ناسنامە کردبوو.
پێکهێنانی کۆنگرەی دووهەم حەولێک بوو بۆ دەربازبوون لەو دۆخە و بەدەسهێنانی ناسنامەیەکی سیاسی و فیکریی دیکە.
ئەم بڕگەیە لە ژیانی سیاسیی کۆمەڵە بە کۆمێدیترین قۆناخی ژیانی ئەو ڕێکخراوە دێتە ئەژمار. لە چاوترووکانێکدا ماڵاوایی لە مائۆئیسم و ئوتوپیای شۆڕشی جووتیاری کرا و خەتێکی رەشیان بە سەر هەموو کار و کردەوەی تا ئەو کاتەیاندا کێشا. هەر لە درێژەی ئەو تەخشان و پەخشانەدا چەمکی لایەنگری لە مارکسیزمی ئینقلابیش داهێندرا. لەوەش سەیر وسەمەرەتر لە قەلەمبازێکی بێ مانادا، ئەو سازمانە خۆی وەک بەشێک لە "پرۆلتاریای ئاگاهی ئێران" پێناسە کرد و نووسیان: سازمان انقلابی زحمتکشان کردستان ایران ( کومله) همچون بخشی از پرولتاریای آگاه ایران، در عین حال نماینده و مدافع منافع کارگران و زحمتکشان کردستان و به این عبارت نماینده و مدافع دموکراتیسم پیگیر در جنبش خلق کرد می باشد.[2]
بەڵام چیرۆکی جۆری روانینی "پرۆلتاریای ئاگای کوردستان" هەر بەوەندە کۆتایی نایە، "پرۆلتاریای ئاگاهی کوردستان" لە "دەسپێشخەرییەکی" داهێنەرانەیدا و هەر لەو بڕگەیە لە ژیانی سیاسییدا دەستەگوڵێکی سەیرتریشی بەئاودا دا؛ ئەویش لە قەڵەمدانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بە درێژەی راپەڕینی ڕێبەندانی ساڵی 1357 ی هەتاویی خەڵکی ئێران بوو.

لەم پێوەندییە دا لە یەکێک لە بڕیارنامەکانی پەسەندکراوی کۆنگرەی دووهەمی" پرۆلتاریای ئاگای کوردستان"دا، هاتبوو: "جنبش مقاومت جنبشی است انقلابی و دمکراتیک، عرصەای است از تداوم قیام بهمن ماه. این جنبش بر علیه دیکتاتوری و سرکوب هیئت حاکمه متوجه بوده و در جهت کسب دمکراسی در کردستان و مانع از تثبیت کامل دیکتاتوری بورژوازی حاکم در ایران است... جنبش مقاومت دارای دامنه و برد محدودی است. این جنبش نمی تواند پیروزی بر بورژوازی را بمفهوم تغییر مناسبات تولیدی در محدوده کردستان، تامین نماید.... بر پای جنبش مقاومت ادامه مبارزه آگاهانه طبقه کارگر و بر طبق برنامه وی نبوده است.. زحمتکشان کردستان هنوز نتوانستەاند اهمیت سیمای پرولتاریای ایران را درک کنند. تا آنجا به سازمان، مربوط می شود، بایستی اهمیت بزرگی را که جنبش مقاومت در امر کسب دمکراسی و مبارزه طبقاتی پرولتاریا ایران در صحنه کنونی دارد درک کنیم.... در همان حال بایستی محدودیتهای آنرا بشناسیم. پرولتاریای آگاه نمی تواند سرنوشت خود را به یکی از مقاطع و عرصەهای انقلاب دمکراتیک وابسته کند. ما نبایستی جنبش مقاومت را به مثابه عرصه نبرد مرگ و زندگی برای خود در آوریم. بلکه باید در هر حال ادامه کاری خود را به مثابه سازمان پرولتاریائی در نظر داشته باشیم. " [3]

وەک دەبینن پڕۆلتاریای کەشخە و ئاگای کوردستان بە تیرێک چەند نیشان دەپێکی:

یەکەم: نازناوی " جونبشی مقاومەت" لە سەر بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەیی کورد دادەنێ.

دووهەم: لە جێگای ئەوەی دۆزی نەتەوەیی کورد بە درێژایی هەموو بزووتنەوەکانی کورد لە پێناوی رزگاری نەتەوەیی لە قەلەم بدا، بە درێژەی راپەڕینی رێبەندانی ئیرانی پێناسە دەکا.

سێهەمین ژیر بێژیی پرۆلتاریای ئاگای کوردستان، نکۆڵی کردن لە بوونی دۆزی نەتەوەیی کورد بوو.

ئیتر لێرەوە حیزبی کۆمەڵەی کوردستان هەموو هێز و توانای خۆی خستە گەڕ بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی دەستکرد مەسەلەی "چین" و خەباتی "چینایەتی" لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا باڵ بە سەر دۆزی نەتەوەیی کورد دا بکێشێ و کێشەی " کار و سەرمایە" ببێتە مەسەلەی سەرەکی لەو کۆمەڵگایە.

بە درێژایی ساڵانێکی دوور و درێژ "پرۆڵتاریای ساوا و ئاگای کوردستان" هەولێکی زۆری‌دا بۆ ئەوەی مرۆڤێکی نوێی کورد دروست بکا کە چیتر خۆی بە ناسنامەی ئەتنیکی و نەتەوەییەوە پێناسە نەکا و لە "خورافەی ناسیونالیستی" رزگاری بێت. هەر لە درێژەی ئەو حەولانەدا پرۆلتاریای ئاگای کوردستان دەیویست کوردستان بکاتە کووبای کاسترۆ و هێرش بکاتە سەر چینی بورژوازی خۆماڵی و، لاسارانە دووپاتی دەکردەوە و دیگوت "پیدایی طبقه کارگر در کردستان آن تحول اقتصادی و اجتماعی بزرگی است که زمینه و اساس زوال گرایشات سیاسی ناسیونالیستی را به وجود آورده و همراه خویش خواستها و گرایشات سیاسی، اقتصادی و اجتماعی نوینی را مطرح ساخته که با سرنوشت و زندگی کارگران و توده های زحمتکش گره خورده است. امروز آرمانهای سوسیالیستی و دموکراتیک

طبقه کارگر به پرچم مبارزه و اعتراض توده‌های ستمدیده کردستان علیه دولت مرکزی و همین طور علیه بورژوازی کردستان و ارتجاع محلی تبدیل شده است."[4] "حزب دمکرات می خواهد تا به بهانه اولویت مبارزه ملی، از پیشرفت و دامنه گرفتن مبارزه طبقاتی جلوگیری کند...کسانیکه میخواهند جنبش کردستان راوسیله‌ای برای امتیاز گرفتن از حکومت مر کزی قرار دهند، سرمایه دارانی که حاکمیت محلی در کردستان را برای راه اندازی سرمایه‌هاشان وا استثمار طبقه کارگر می خواهند، اینها می خواهند کارگران کردرا قانع کنندکه تا گرفتن خودمختاری هیچک ازمطالبات حیاتی و اساسی خودرا طرح نکنند. حزب دمکرات و آقای قاسملو باید مطمئن باشند کارگرانی که هرساله روز اول ماه مه را جشن می گیرند...علیرغم خیانت پیشگی و تسلیم طلبی حزب دمکرات آنرا به پیروزی میرسانند. کارگران و زحمتکشان کردستان هیچگاه اجازه نمیدهند اهداف مردم کردستان وجه‌المصالحه هیچ حزب و نیروی بورژوا ناسیونالیستی در کردستان قرار گیرد.[5]

بارودۆخی ژێردەستەیی کورد و دابەشکردنی کوردستان و بێبەشبوونی کورد لە سەروەریی نەتەوەیی و هەوڵدانی داگیرکەرانی کوردستان بۆ بەدواکەوتوویی هێشتنەوە و، جێهشتنی لە کاروانی پێشکەوتن و شارستانییەت، فاکتۆرگەلێك نەبوون بتوانن سەرنجی لاسارانە و ئیرادەگەرایانەی کومەڵە بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. ڕوانگەی تەنگەبەری کومەڵە ئیزنی ئەوەی پێ نەدەدا هەست بەوە بکا کە داگیرکراوی و دابەشکراویی کوردستان کاریگەریی گرینگ لەسەر پلەی گەشە و بەرەوپێشچوونی چینە کۆمەڵایەتییەکان و لەبارچوونی باری ئابووریی دادەنێ و خاسیەتی تایبەتی بەو کۆمەڵگایە دەبەخشێ. بەڵام هەڵەی گەورەی کومەڵە لەوێڕا دەستیپێکرد کە پێی وابوو ئاستی گەشەکردنی چینەکانیش لە کوردستان دەقاودەق وێنەیەکی وەك ناوەند پێشان دەدا. بەڵام ئایا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ئاستی گەشە و پەرەئەستاندنی چینەکان و کێشەی چینەکان هەر ئەو هەڵکەوتەیان هەبوو و هەیە؟ ڕەنگە لە ناوەند بە ئاسانی ئاستی گەشە و ململانێی نێوان چینەکان پۆلین بکرێن و لێك جیابکرێنەوە و هەر لەو کاتەشدا ڕوخسارە کولتوری و سیاسییەکانیشیان بە سانایی دەسنیشان بکرێن، وەك بورژوا و پڕۆلیتێر، بەڵام داخوا ئەم دیمەنە لە وڵاتەکەی ئێمەش کوردستان، دەقاودەق بە هەمان شێوە بوو؟ مەبەست لێرەدا نکوڵیکردن لە بوونی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵی کوردەواریدا نییە. بەڵێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش کرێکار و زەحمەتکێش و هەژار و چەوساوە هەیە و ئەوانە شتێك نین بۆ یەکەم جار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا گۆڤاری "پێشڕەو"ی کۆمەڵە دایهێنابن. دانیشتوانی کوردستانیش وەك هی هەموو وڵاتێك بریتین لە چین و توێژی جۆراوجۆر. بەڵام کێشەی سەرەکی ئەو کاتە دەستی پێکرد کە لە نیشاندانی چۆنیەتی و ئاستی گەشەکردنی چیینەکان و ناکۆکیی نێوانیاندا لە کوردستان، کومەڵە تووشی تێگرتن و زیادەڕەوی هات. چونکە کێشەی سەرەکی لە کوردستان کێشەی نێوان کار و سەرمایە نەبوو.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئێستاش لە ریزی یەکێك لە دواکەوتووترین بەشەکانی لکێنراو بە ئێراندایە. سیاسەتی دەوڵەتەکانی ئێران لەسەر بنەمای هێشتنەوەی دواکەوتوویی

کوردستان (لە هەموو بارێکەوە) دامەزراوە. ئەو سیاسەتە بووەتە هۆی ئەوە کە سەنعەت و پیشەسازیی گەورە لە کوردستان پێک نەیەت. هەر بەو پێیەش ئاستی گەشەی کرێکاری سەنعەتیش بەمانا ڕاستەقینەکەی لە پلەی هەرە نزمی خۆیدایە. لە ماوەی چارەکە سەدەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیشدا، حکومەتی ناوەندی نە تەنیا لە بیری بووژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری و گەشەپێدانی سەنعەت (پیشەسازی) لە کوردستاندا نەبووە، بەڵکو بە هەموو شێوەیەک کۆسپ و تەگەرەی لەسەر ڕێگای وەگەڕخستنی پڕۆژە و خەونەکانی سەرمایەی خۆماڵی لە کوردستان ناوەتەوە. ئەم بارودۆخە بۆتە هۆی ئەوە کە سەرمایە وەك پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی پتر بەهۆی بوارەکانی مامەڵە و بازرگانییەوە بکەوێتە گەڕ و قازانج و سوودی خۆی لە ڕێگای بازاڕەوە بەدەستبێنێ.
نکۆڵی لەوە ناکرێ کە دیاردەی شارنشینی کە خۆی لەزیادبوونی ڕادەی حەشیمەتی شارەکان وبوونی دامودەزگای جۆراوجۆری خزمەتگوزاریدا دەردەخا، گەشەی کردووە. بەڵام گرینگیی شارەکانی کوردستان ئێستاش پتر لە نەخشی "بازاڕ" بە مانای شوێنێك بۆ کڕین وفرۆشدا قەتیس ماوە و لەگەڵ ئابووریی بەرهەمهێنانی زەوەند تەواو نامۆیە. بێشك ڕادەیەک لە پێشکەوتن و خوێندەواری و پەرەگرتنی شارنشینی لە کوردستانی ئێستادا بەرچاوترە، بەڵام بیری کۆن و پاشماوی پێوەندییەکانی ڕابردوو ئێستاش قورسایی و کاریگەریی خۆیان لەدەست نەداوە. بۆیە ڕەنگە گەلێك زەحمەت بێ ئابووریی کوردستان و ئاستی گەشەی چینەکان لە چەمکەکانی بۆرژوای و پرۆلیتاریادا پێناسە بکرێن و هەروا سووك و سادەش حیزبە سیاسییەکان مۆرکی یەکێك لەم چەمکانەیان لێبدرێ.
پرۆسەی داگیرکردن و بێبەشبوونی کورد لە دەسەڵاتی سیاسی دەورێکی گرینگی هەبووە لە شێوازی سروشتیی گەشەکردنی پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان لەکوردستاندا. داگیرکراوی ودابەشکراوی کوردستان کاریگەری گەورەی لەسەر چۆنیەتیی ناکۆکی و ململانێکانی نێوخۆی کۆمەڵگەی کوردەواری داناوە وخەسڵەتی تایبەتیی خۆی پێبەخشیوە. ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکی ئاساییدا ناکۆکییە نێوخۆییەکانی چینە دژبەرەکان دەبێتە بزوێنەری مێژوو، لە کۆمەڵگەیەکی داگیرکراودا ململانێ نێوخۆییەکان تا ڕادەیەکی زۆر دەچنە حاڵەتێکی پەراوێزەوە. لە بەرانبەردا کۆمەڵ بە هەموو چین و توێژە کانیەوە خۆی لە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانی و بەدەسهێنانی سەربەخۆییدا دەبینێتەوە. هەر لەو سۆنگەیەوە دەتوانین بڵێین خەباتی چینایەتی لە کوردستان وەك پێویست پێنەگەیشتووە وناکۆکییە نێوخۆییەکانی کە بەشێوەیەکی سروشتی خۆی لەگەشەی چینە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبینێتەوە نەگەیشتۆتە ئەو قۆناغەی کە چینێکی کۆمەڵایەتی بەدژی چینێکی تر شۆڕشی کۆمەڵایەتی وەرێبخا.
بەڵام مەبەستی کومەلە لەهەموو ئەو زیادەڕەوییانە ئەوە بوو کە نێوەرۆك و خەسڵەتێکی چینایەتی تۆخ و سەرەکی بە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بلکێنێ و بە وێنەی بزووتنەوەیەکی چینایەتی بکەوێتە هەڵسەنگاندن و نرخاندنی و ریگای ئەوەی بو بکریتەوە ئیدعای ئەوە بکا کە هەقیقەتی رەها ی لە تەنگەی باخل دایە. [6]
"هرفرد یا نیروی علاقمند و دلسوز باید بداند که امروز دفاع از جنبش کردستان و پاسداری از آن، دفاع از مضمون دمکراتیک و انقلابی و رادیکال آن، دفاع از بسط و تعمیق آن، یک

معنی و فقط یک معنی می تواند داشته باشد و آنهم حمایت از رهبری پرولتری این جنبش و موضگیری علیه رهبری بورژوازی آن، تواما میباشد. بورژوازی صلاحیت، توان و تمایل خود را به پیروزی انقلاب رهای بخش کردستان نه فقط در وجه تاریخی آن بلکه به معنای سیاسی، عملی و مبرم آن نیز از دست داده‌است.[7]

فەلسەفەی ژین لەو دەزگایە دا لە سەر بنەمای جۆرێک مشەخۆری بوو. بە واتایەکی تر؛ بە گەز و رەبەی وان و تیئۆرییەکەی ئەوان هەر کەس چووە نێو ئەو ریزەوە بۆی هەبوو بێ سڵکردن نازناوی پرۆلتێری پی خەڵات بکرێ. هەر چەند کارخانەدار، ساماندار، دەرەبەگ و سەرمایەداری زگ تێرو گەزیری چاو چنۆکیش بایە.

تا ئیرە پرۆلتاریای ئاگا و کەشخەی کوردستان گەلێک رێگای بڕیبوو، دەتوانیین بڵێین لێرە بە دواوە بەمانایەک ببووە حیزبیکی خاوەن ناسنامەیەکی دیاریکراوی سیاسی. لە لایەکەوە بەتۆپزی نازناوی لەبەردڵانی پرۆلتاریای ساوا و ئاگای کوردستانی لەسەرخو دانابوو. لە لایەکی تریشەوە خۆی بە چەکی مارکسیزمی ئینقلابی تەیار کردبوو. لە هەمان کاتیشدا کار و رێبازی رابردووی خۆی دابووە دواوە. لە ئاستی کوردستانیش دا حەولی پرۆلتێریزەکردنی دۆزی نەتەوەیی کوردی خستبووە دەستووری کاری خۆیەوە. ئینجا میدالی نکۆڵی کردن لە دۆزی نەتەوەیی کوردی لەبەرۆکی خۆی دابوو، لە هەمان کاتیشدا دەبوایە ناسیونالیزم وەک ژاری خاپێنەری چینی کریکار، لە قاو بدایە. هەموو ئەو هەنگاوانەش شتێکی کەم نەبوون بۆ ئەوەی کۆمەڵە لە قەیرانی شوناسی فیکری و سیاسی رزگاری بێت. لێرە بە دواوە رێبازی کۆمەڵە لە هەموو کات و ساتێک زیاتر راشکاوی و بەرچاو روونیی لێ بەدیار کەوت.

لە پێوەندی لەگەڵ دۆزی کورد دا پرۆلتاریای ئاگای کورد پشت ئەستوور بە دوو ئەسل بوو کە لە راستیدا هەر دووک، دوو رووی یەک دراو بوون:

ئەسڵی یەکەم: بەئێرانیکردنی دۆزی کوردبوو. بە گوێرەی ئەم خوێندنەوەیە کورد و بزووتنەوەکەی هەر دەبێ چاو لە تاران ببڕن و کورد نابێ لەو جەغزە دەرچێ کە تەواوییەتی ئەرزیی ئێرانی پێ‌دەگوترێ.

ئەسڵی دووهەم: پرۆلتریزە کردنی دۆزی نەتەوەییکورد بوو.

رووماي ناسیونالیسم و مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان لە رەوانگەی مارکسیستە ئۆرتودوکسەکانەوە بە دایم مەسەلەیەکی شاراوەیە. گەز و رەبەی ئەوان بو ئەو چەمکانە هەمان فۆرموولە ئابورییەکەیە و بەس. ئەم چوارچێوە تەنگەبەرە ئەگەر بۆ کار، زیدەبایی، کڕین و فرۆش، پوول و بانک و بەرهەمهینان، لە سەدەکانی رابردوودا راست بووبێ ئەمڕۆ ئەو راستییە درز و قەڵەشتی تێکەوتووە. شیکردەنەوەی پێوەندییەکانی مروڤ لە کۆمەڵدا تەنیا بە یاسا ئابوورییەکان ناتوانێ وەڵامدەری هەموو ویست و ئاوات وئارەزوەکانی ژیانی مروڤ بێ. مرۆڤ بە تەنیا یاخود لە کۆمەڵدا، جگە لە ویست و پیداویستییە ئابوورییەکان، ویست و پێداویستی دیکەشی هەیە. لەو ڕووەوە، وەلانانی ئەو ویست و داخوازە نائابوورییانە گەورەترین کیشەی بو ئەو ئایدۆلوژییانە پیکهینا کە ئیدیعای ئەوەیان دەکرد کە وەڵامی گونجاویان بۆ هەموو لایەنەکانی ژیانی مروڤ، پێیە. ئەو گرفتە لە کەیسی پرۆلیتاریای ئاگای کوردستانیشدا بە تەواوی روون و ئاشکرایە. لە

دیدی کومەلەشەوە مێژووی مروفی کوردیش دەبوو بە تاکەریرەویکدا تێپەر ببی وکومەڵگای کوردستانیش لە ئەنجامدا بەرەوتاکە سەرمەنزلیک راپێچ بدرێ. لەو نێوەشدا تاکە فاکتەری دیاریکەری جوری کێشەکان دەبوو ململانێ و خەباتی چینایەتی بێ. ئەم لارییە لە کەیسی پرولیتاریای ئاگای کورد ستان دا، تەنانەت بە و رادە گەیشت بگوتری: "اگر برای احزب بورژوای در کردستان نیروی پیشمرگ در رادیکال ترین چهره خود، یک نیروی خودمختاری طلب است، برای ما نیروی پیشمرگ یک نیروی ضدمالکیت خصوصی است."[8]
بەلام گۆڕینی ناسنامەی پیشمەرگەی کۆمەڵە لە تێکوشەرێکی چەک بە دەستی کورد، لە پێناو رزگاری لە ستەمی نەتەوایەتییەوە، بۆ جەنگاوەرێکی "ضد مالکیت خصوصی"، تەنیا لایەنێک لە وێرانەی فیکری ریبەرانی کومەلەمان نیشان دەدا. بۆ خۆهاوشێوەکردن لە تەک جۆری کۆمۆنیزمی حیکمتی، هیشتا هەنگاوی تریش پێویست بوو!
هەر لە دریژەی ئەو خەتەدا لە لایەن پرولیتاری ئاگای کوردستانەوە، ریبەرانی بزوتنەوەکانی کوردیش کەوتنە بەر پەلامار و بە نارەوا بە ناپیگیر و خیانتکار لە قەڵەم دران.[9] لەم سنووربەزێنییەدا، رێبەرانی قین لە دڵی ئەو حیزبە تەنانەت پیشەوا قازی مەحمەدیشان دایە بەر هێریش و، نووسیان:
" قاضی محمد شخص لیبرال متوهمی بود کە بە هیج عنوان طرفدار انقلاب نبود. اعدام شدن او هیج افتخاری برای او نداشت."[10]
دەڵێی روناکبیری نەتەوەی بندەست دەبێ بیرەکەشی هەر بندەستانە بێ و، هەر گیز لەو سنوورە فیکرییە دەرنەچێ کە بۆیان دیاری کردووە. رێبەرانی ساویلکەی ئەو حیزبە بەشی ئەوەیان نەدەزانی فامی ئەوە بکەن، بوونی خۆیان و نانی ناندێنەکەیان لە سایەی سەری ئەو رێبەرە مێژوویی‌یانەیە کە ئەمان ئاوا بە سووک ئاوڕ لە خەبات و فیداکارییان دەدەنەوە.
ئەوەی لە یەکەم ڕوانینی ئەو فاکتانەدا سەرنج ڕادەکێشێ، سایکۆلۆژیی تێکڕووخاوی نوخبەی نەتەوەیەکی ژێردەستە کە شان داچەقاو، لاهەڵدڕاو، گووپ قرینجاو، بێ پێڵاو، تەنیا خەمی ئەوەیەتی بە جۆرێك خۆی بنوێنێ کە ڕووناکبیری نەتەوەی باڵادەست لە ڕیزی خۆیدا وەریبگرێ. چ ڕووداوێك دەتوانێ لەوە تراژیکتر بێ کاتێ نوخبەی خەڵکی وڵاتێکی داگیرکراو بۆخۆی ببێتە ئامرازێك بۆ تێکدانی ناوماڵی شێواو و لێکترازاوی خۆی؟
هەوڵدان بۆ خۆ هاوشێوەکردن لە تەک نوخبەی نەتەوەی باڵادەستیش ڕووبەر و پانتاییەکی بەرفراوانی هەیە. دەتوانێ هەر جارەی بە شێوەیەك لە شێوەکان وێنەیەك لە خۆیمان پێشان بدا. جاری وایە خۆی بە لاساییکردنەوە و خۆهەڵدان بۆ دیتنەوەی خۆی لە ئەوی تردا، جارێك بە دەستبردن بۆ چەك و کوشتنی برا و خوشکی خۆی و جارێکی تریش بە هەڵسەنگاندنی چەواشەگەرانەی ڕووداوەکان و ساویلکەیی و دەمارگرژی، خۆی نیشان دەدا. سەدان ساڵ داگیرکراوی و ژێردەستەیی کۆمەڵی کوردەواری هۆکارێک بوو بۆ ئەوەی هەستی خۆبەکەمزانین دزە بکاتە نێو توێژێك لە ڕووناکبیر و خوێندەواری ئەم وڵاتە و، ببێتە هۆی توانەوەیان لە نێو گروپێکی شۆڤێنیستمەسلەکدا. دیارە لە هەڵبژاردنی ئەم چارەنووسەدا کومەڵە خۆشی سووچبار بوو. ئەو هاتبوو هەموو شتێکی خەڵکی وڵاتەکەی خۆی ڕەتکردبووەوە. بەلای ئەوەوە چ بەهایەکی کولتوری و سیاسی و

مێژوویی ئەم کوردستانە شیاوی ئەوە نەبوو بە بنەمای وەربگرێ؛ خەتێکی ڕەشی بەسەر مێژوو، کولتور و زمان و تەنانەت گشت ڕاپەڕینەکانی کورددا کێشابوو. هەموو شتێکی ئەم کوردستانە یا کۆنەپەرستانە بوو یاخود بۆرژوایی.

**پرۆلیتاریای ئاگای کوردستان و هاوتەبەقە ئێرانییەکانی**

هەر لەمیانەی ئەو هەنگاوانەدا و هاوکات لەگەڵ حەولدان بۆ ئێرانیکردنی دۆزی کورد، پرۆلتاریای ئاگای کوردستان دەبوو لە ئاستی ئێرانیشدا بە دوای هاوتەبەقەکانی خویدا بگەڕێ. مەبەستی پرولتاریای کەشخە وئاگای کوردستان لە هاوتەبەقەکانی ، پەسەنێ بوو کە لەو کاتەدا بە رفیق آزرین ورفیق تقوایی ... خەلات کرابوو. لەو نێوەشدا هێنانی سەهەندییەکان بۆ کوردستان و پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، دەیتوانی جۆرە کۆتاییەک بێ بۆ ئەم گەمەیە.

عەبدوڵڵا موهتەدی پتر لە 20 ساڵ لەمەو بەر بەم جۆرەی خوارەوە لە ستراتیژی بە ئێرانی کردنی دۆزی کورد وهینانی هاوتەبەقەکانی دەدوێ و دەڵێ:

" ئێمە دەتوانین ئەم مەسەلەیە بە روونی و راشکاوی بۆ زەحمەتکێشانی کوردستان تەوزیح بدەین و پێیان بڵێین ئەگەر حیزبی دێموکرات بە شوێن هاوپەیمانانی تایبەتی خۆی لە ئێراندا رۆیشتووە، ئێمە زەحمەتکێشانیش پێویستمان بە یەکگرتنی چینایەتی خۆمان هەیە، ئیمەش پێویستیمان بە کەسانێک هەیە کە نەک هەر لە خەباتماندا بۆ بەدیهێنانی دوایین ئامانج لە گەلمان بن بەڵکوو هەر لە ئێستاوە و لە سبەی رۆژی ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێراندا هاوڕێ و هاوپەیمانمان بن، کەسانێک بن لە تاران، خوزستان، ئیسفەهان، فارس، شیمال و تا ئازەربایجان کە ئەگەریش نەتوانن بێنە سەر کار لانیکەم ئەوەندەیان هێزو نفووز هەبێ کە نەهێڵن جارێکی دیکە ئەرتەشی حکومەتی مەرکەزی بە ئاسانی بەرەو کوردستان بێ، بێ ئەوەی لەگەڵ شەپۆلی جووڵانەوەی ئیعترازی جەماوەری بەرەو روو بێ، بە بێ ئەوەی کە لەوێش کەسێک سینگی خۆی وەبەر گوولەوە نابێ... کە وایە وەرن بۆ دابین کردن و زەمانەت کردنی قازانجی خۆمان لە سەرتاسەری ئێران دەس لە دەستی هاوپەیمانێکی جێگای متمانە بنێین. ئایا ئەمە دەلیلێکی روون و سادە و قەناعت هێنەر نییە؟ ئایا تێگەیشتن لەم مەتڵەبە بۆ کریکارێکی کورد دژوارە؟ "

"هاوڕێیان! لە کۆتاییدا دەمەوێ بەشتێکی دیکەش ئیشارە بکەم، ئەویش دەورێکی گەورە و گرینگە کە جووڵانەوەی ئێستای گەلی کورد، مێژووی جووڵانەوە رزگاریبەخشەکانی کوردستان، هەرگیز دەورێکی وا گرینگی بۆ هیچکام لە جووڵانەوەکان لەبیر نایە. بۆ وایە؟ چی ئەم جووڵانەوەیە لە باقی جووڵانەوەکانی پێشوو جیاواز دەکاتەوە، رابەری پرۆلتاریا و مارکسیزمی شۆڕشگێڕ لەو جووڵانەوەیەدا نەبێ؟

ئەمەیە ئەو عونسەرە نوێیە وئەو سیفەتە تایبەتی یە کە ئەم پەڕ وئەو پەڕێکی بەرینتری لە جووڵانەوەیەکی ئاسایی بورژوا – دێموکراتیک بە جووڵانەوەی ئێستای کوردستان بەخشیوە. بە چەشنێک کە مەودای تەئسیردانانی لە کوردستان و لە ئێرانیش تێپەڕ دەبێ.

جووڵانەوەی ئێستای گەلی کورد هەر بە ئیعتباری بوونی کۆمەڵە، بە ئیعتباری بوونی پرۆلتاریای شۆڕشگێڕ لە رابەری و رێنوێنی دایە کە لە تەواوی جووڵانەوە میللی رزگاری بەخشەکان جیاوازە. کێ ئەو حەقیقەتە ناسەلمێنێ کە ئەگەر کۆمەڵە کۆنگرەیەکی دووهەمی نەبوایە و دەستی بە مارکسیزمی شۆڕشگێڕ نەگەیشتبایە، ئەگەر ئەو رەوتی بەرەو پێش چوونەی مارکسیستە شۆڕشگێرەکانی ئێران سەری نەدەگرت – بەردەوام نەبرایەتە پێش، چ مەعلووم ئەمڕۆ دەیتوانی سەرکەوتووانە ئەم جولانەوەیە رابەری بکا؟ کێ زەمانەتی ئەوە دەکا کە کۆمەڵە بە بێ مارکسیزمی شۆڕشگێڕ، بە بێ لینینیزم، دەیتوانی دەورێک کە ئێستا هەیەتی بە دەستی بێنێ و دەیتوانی لە دژوارترین هەلو مەرجدا بە لەخۆ ڕادیوی، بە ئیمان بە دوا رۆژ و ئیمان بە سەرکەوتنەوە، رابەریی ئەم جولانەوەیە رۆژ لە گەڵ رۆژ زیاتر بە دەستەوە بگرێ؟
بەم جۆرە ئێمە دەبێ نەک هەر لە باری کوردستانی و ئێرانی بەڵکوو لەباری جیهانی کارەکەشمان تێبگەین. جووڵانەوەی ئێستای کوردستان و رەوتی بەرەوپێش چوونی کۆمەڵە تێیدا، سەرەڕای ئەو هەموو سەخڵەتییانە ئیسپاتی دەکا کە رابەری کۆمۆنیستی و لێنینی لە جووڵانەوە دێموکڕاتیکەکانیش دا بووەتە پێویستییەکی بێ ئەم لاو لا و حاشا هەڵنەگر.
زۆر جار گووتراوە کە کوردستان سەنگەری ئازادیخوازییە. ئەم قسەیە راستە بەڵام تەواوی حەقیقەتەکە ناگرێتەوە. راستە کوردستان و جووڵانەوە شۆڕشگێرانەکەی سەنگەری ئازادی و شۆڕشە، بەڵام تا ئەو جێگایە وایە کە پرۆڵتاریای شۆڕشگێر رابەرییەکەی لە دەست دایە یا بە هەر حاڵ مۆری خۆی لێداوە.
لەو جێگایە دا کە ئەم جووڵانەوەیە هەر تەنیا ناسیۆنالیزمی بورژوایی رابەری کردووە یا خۆ تەئسیری لە سەر داناوە، حاسڵ و بەرهەمی بریتی بوو لە لەببەیک ووتن بۆ خومەینی و بڵاو کردنەوەی خۆشباوەڕی بە ئیستبداد. بەڵام بە هەر رادەیەک کە ئەم جووڵانەوەیە تەئسیری لە پرۆلتاریای شۆڕشگێڕ وەرگرتووە و وەردەگرێ، بە هەمان رادە کە عونسوری پرۆڵتاریای قووڵتر نفووزی تێدا کردووە، مۆری خۆی لێداوە و جڵەوی بە دەستەوە گرتووە، هەر بەو ڕادەیە کوردستان سەنگەری دێموکراسی یە، سەنگەری شۆڕشە بۆ هەموو کوردستان و بۆ ئێران، وە بگرە زۆر زیاتر و پەرە گرتر لەوەش."
وەک دەبینین بە درێژایی هەموو ئەو سالانە "چین" و خەباتی چینایەتی دەمامکێک بوون بۆ لێدان و کپ کردنی بیری نەتەوەخوازیی کورد و بە ئێرانی کردنی دۆزی کورد. بە دریژایی گشت ئەوسالانە چەمکی نەتەوەی کورد وشوناسی کوردبوون هیچ کات نەیدەتوانی ببێتە بنەمایەک بو بڕیارو بەیانێکی سیاسی. لە دەزگای بیر و گوتاری سیاسیی ئەو حیزبەدا هیچ کات دۆزی کورد وەک دۆزێکی " قائم بە ذات" و "سەربەخۆ" حیسابێکی بۆ نەکراوە. هەر ئەو هاوتەبەقەییانەی کە عەبدوڵڵای موهتەدی خەونی دوزینەوەی بە هەشتی ونی پێوە دەبینین، نە تەنیا نەبوونە فریادڕسێک بۆ کورد ،بەڵکوو هەموو سەرمایە ی مادی و مەعنەوی پرۆلیتاریای ئاگای کوردییشان بەتاڵان برد. لەگەل هاتنی ئەو هاوتەبەقەییانە بو کوردستان رۆحی بن دەستەیی وکولتوری کویلەمانەوەی مرۆڤی کورد بە ئیرانەوە، جل وبەرگی تئوریی دەبەر کرا. لەژێر کارتێکەرییەکانی بیری

ئەو هاوتەبەقەییانە ناسیونالیزم بە گشتی و ناسیونالیزمی کورد بە تایبەتی ، کرا بە هەژدهایەکی حەوت سەر. کرا بە ژاری خاپێنەر و هاوتا لە گەل فاشیزم.
ئەم پرۆسەیە تا کاتی پرۆژەی ساخکردنەوەی کۆمەڵە لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا، درێژەی هەبوو. بەڵام بە دەسپێکی "پرۆژەی ساخکردنەوەی کۆمەڵە" ئەم پێوانەیەش بۆ تێڕوانین لە دۆزی نەتەوەیی کورد گۆڕانی بە سەردا هات. گۆڕان بەو مانایە کە ئەگەر تا ئەو قۆناخە تەنیا مارکسیزم شوناسی کۆمەڵەی دیاری دەکرد و دۆزی کورد هەمیشە دەبوو وەک "تابیعێک" لە خەباتی چینایەتی چینی کرێکاری ئێران بژمێردرابایە، لێرە بە دواوە مەسەلەی دێمۆکراسیخوازی لە ئێران جێگای بە چەمکی سەروەری چین و خەباتی چینایەتی چۆڵ کرد. واتە، کاتێ وەهمی چەندین ساڵەی گەردوونگەرایی کۆمۆنیستی لە بڕەو کەوت وشکستی هینا ، نۆرە بە خەونی دێموکراتیزەکردنی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران گەیشت.
کارەساتی گەورەی ئەو حیزبە لەوە دا بوو کە، هێشتا شوێنەوار و میراتی وەهمێکی خورافی کۆتایی پێ نەهاتبوو، خورافە و وەهمێکی تر لە ناوەندی بیری ئەو حیزبەدا جێی گرتەوە. هێشتا لە گەڵ سوونەت ومیراتی فیکری و سیاسی رەفیق آذرین و منصوری حیکمت و حمید تقوایی ماڵئاواییان نەکرد بوو، علی رضا نوری زادەکان و موحسین سازگاراکان و شەهریار ئاهییەکان، دۆزرانەوە. ئەگەر لە سەردەمی حیزبی کۆمۆنیستدا مێشکی مرۆڤی کورد بە بیری هاوخەباتی لەگەڵ هاوتەبەقەکان دەخاپێندرا، ئەوجار بە گێڕانەوەی حیکایەتی عەزەمەت و شکۆی "خانە پدری" و "ئێرانی باستان" جێگۆرکێیان پێکرا.
لە رووی فیکری و هزرییەوە پانئێرانیسمی خومەڵاسداوی رێبەرانی ئەو حیزبە لەوە گیان سەختربوو لە وێستگەیەک بگیرسێتەوە. .چەشنی پانئێرانیسمی خۆمەلاسداوی ریبەرانی ئەو حیزبە مەسەلەیەکی تایبەتە و دەتوانین بلین بووەتە جۆرێک لە بیر بو کوردبینی. ئەوانە ی وا بە درێژایی چەندین سال وانەکانی کانونی کومونیسمی کارگەرییان شەو و رۆژ ئەز بەرکردوەو پاشان لە ژێرسەریان داناوە ، لەچاو ترووکانێکدا چۆن دەیانتوانی وا بە سانایی خۆ لە بیریی کویلەتی و پاشکۆیەتیی حیزب و روناکبیری ئێرانی رزگار بکەن؟.
لووتکە و ترۆپکی سەردەستکردنی ئەم رێبازەشیان لە کاتی راپەرینە جەماوەرییەکەی شارەکانی کوردستان لە ساڵی 2005 ی زایینیدا لێ بەدیارکەوت.
کاتێ لەو ساڵەدا راپەڕینی گشتگیر بەشی هەرە زۆری شارەکانی کوردستانی گرتەوە، راگەیاندراوی فەرمی ئەو حیزبە بەشێوەیەکی چەواشەکارانە حەولیدا نکۆڵی لە خەسڵەت و سرووشتی نەتەوەیی ئەم ڕاپەڕینە بکا و لە ژێر دەمامکی خەبات بۆ "دێموکڕاسی خوازی" و "حکومەتی سیکۆلار" مەسەلەی نەتەوایەتی وەک بزوێنەری سەرەکی ئەم هەژانە جەماوەرییە لە بەر چاوان بزر بکا.
بۆ ئەوەی لە زمان بەیاننامەی دەفتەری سیاسی کۆمەڵەوە بزانین بۆچی شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ببوونە شانۆی بەرەنگار بوونەوەی ئاشکرا با سەرنجێک لە دەقی ئەو بەیاننامەیە بدەین:
سەردێری بەیاننامەکە بەم جۆرە دەست پێ دەکا: " گەلی کورد لە خەبات بۆ دێموکراسی لە دژی سەرەڕۆیی "

دوای ئەو سەردێڕە لە دەقی ڕاگەیەندراوەکە داهاتبوو: " نارەزایی و ڕێپێوانی جەماوەری لە زۆرێک لە شارەکانی کوردستان بۆ پشتیوانی لە خەڵکی شاری مهاباد و داخوازییەکانیان جارێکی تر کوردستانی وەک پەیکەرێکی پتەو، یەکگرتوو، خۆڕاگر و ئازادیخواز بەرەو ڕووی کۆنەپەرستی و دواکەوتووی ئیسلامی کردۆتەوە. بێ شک خەباتی سیاسی ئێستای کوردستان دەسپێکی قۆناخیکی نوێیە لە خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان و ئێراندا. ڕووداوەکانی چەند ڕۆژی رابردوو سەلماندیی کە وشیاری سیاسی، هاوبەشی بەرین و قووڵی جەماوەری، عەداڵەت خوازی ، بوێری و شەهامەت بۆ بەرنگار بوونەوە و بڕیاری گۆڕان، لە بەرانبەر دۆخی ترساندن و تۆقاندنی دیکتاتۆری ئیسلامی نە تەنیا دانەمرکانەوە، بەڵکوو پتەوتر بووە، بەتایبەت لە دوو حەوتووی رابردوو دا نارەزایی و خەباتی جەماوەری زۆر بە ڕوونی نیشانی دا کوردستان هیشتا پێشەنگ و سەنگەری دێموکراسی یە لە بەرانبەر زۆر وێژی و سەرەڕۆیی ئایینی . ئێمە داوا لە هەموو هیزە سیاسیسە دیموکرات وئازادیخوازەکان و هەلسوراونی کومەلایەتی وسیاسی لە سەرانسەر ئیران دەکەین خەباتی ئیستای جەماوەری کوردستان بە دژی کوماری ئیسلامی، بە خەباتیکی جەماوەری، مەدەنی و پیشکەوتخوازانە دژی دواکەوتویی، بە سەفی دیموکراسی وئازادیخوای دژی سەرەرویی، بە بەرەی سیکولاریزم لەبەرانبەر ئیسلامی ویلایەتی فەقیهی و خەبات بو وەدسهینانی مافی ئینسانی و شارومەندیی لە بەرانبەر تالانکاری و زۆروێژی، بزانن و بێ هیچ شک و گومانێک پشتیوانی بکەن لە بزووتنەوە ی جەماوەریی کوردستان. تەنیا بەو شێوەیە دەکرێ هاوپشتی و هاوچارەنووسیی گەلان و خڵلکی سەراسەری ئیران بپارێزری و پتەوتر بکرێ."

لە هەر ڕوویەکەوە لەو دەسپێکە بروانین، ئەمە سەرەتای لاڕێیەکی دیکە بوو. ئەگەر لە دەم و کاتی کۆنگرەی دووهەمی کۆمەڵە بە بیانووی گرینگیدان بە خەباتی چینایەتی نکۆڵی لە دۆزی نەتەوەیی کورد دەکرا، لە ڕۆژگاری ئێستاش دا لە ژێر ڕەشماڵی دێموکراسی خوازی و پێویستیی هاوخەباتی لە گەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، حەولی کاڵ کردنەوەی گوتاری نەتەوەخوازیی کوردی خستوتە دەستووری کاری خۆیەوە. کاتێ سەیری هەڵسوکەوتی سیاسی ریبەرانی ئەو حیزبە بکرێ، بێباکییەکی سەیر دەبیندرێ بەرانبەر بەو ڕووداوانە کە پڕن لە ماناو دەلالەتی تراژیدیایی لە ماوەی ژیانی ئەو حیزبەدا. هەر کام لەو لاڕێییانەش لە گەل خۆیاندا حیکایەتی وێرانەیەکی سیاسیمان بۆ دەگێڕنەوەو باس لە دونیایەک دەکەن کە لە ناوەوە بە تەواوی بن کۆل بووە ، کەچی بەو حاڵەشەوە بێ هیچ سڵکردنەوەیەک، پێ داگریی بو درێژەدانی دەکرێ.

ئەو دەسپێکە نیشانیدا ڕێبەرانی ئەو حیزبە چ پەند و دەرسێکیان لە تێهەڵکەوت لە تەک ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی وەرنەگرتووە. حیزبی کۆمەڵە سەرەرای پێکەوەژیانی چەندین ساڵە لە گەڵ ئێرانییە هاوبیرەکانی نەیتوانی کەمترین کارتێکەری ئەرینی لە نێویاندا جێ بهێڵێ، کەچی سەیر ئەوەیە هەر ئەو حیزبە ئەوڕۆ وەدوای نەیارانی سوێندخۆری کورد و نەتەوە بندەستەکانی ئێران کەوتووە، ئێرانی بۆ دێموکڕاتیزە بکەن و لە سایی دێموکڕاسیی ئێرانیدا مافی کورد دابین بکرێ.!

بینای حیزبی کۆمەنیستی ئێران بەر لە هەر تشت لە سەر تونا کردنی وزەی بیرکردنەوەی سەربەخۆی مرۆڤی کورد و کوشتنی فانتازیا و خەوبینی نەتەوەیی کورد دامەزرا بوو، کەچی نزیک بە 20 ساڵی پێچوو تا بەشێک لە ڕێبەرانی کۆمەڵە لەو حەقیقەتە تێبگەن کە لە لایەن هاوتەبەقەکانیانەوە لە خشتەبراون وکەلکی ئامرازییان لێورگیراوە.
گەلۆ تۆ بڵێی لە سەردەمی ئێستادا چەندی پێ بچێ تا لەو ڕاستییەش تێبگەن کە ئێران بە کورد دێموکراتیزە نابێ. دێموکراتیزەکردنی ئێران بە مانای چارەسەرکردنی دۆزی نەتەوەیی کورد نییە. هەر لە ڕۆژی لەدایکبوونی ئەو حیزبەوە هەتا ئێستا گەورەترین گرفت و شکستی ئەو حیزبە، کێشەی لە بڕان نەهاتووە لەگەڵ چەمکی نەتەوە و نەتەوەخوازی. بەدرێژایی هەموو تەمەنی ئەو حیزبە، جۆری تێگەیشتنی کۆمەڵە لە نەتەوەخوازی، تێگەیشتنێک بووە کە لە نوخبە و حیزب و ڕێکخراوی نەتەوەی سەردەستەوە وەریگرتووە. ئێستاشی لەگەڵ بێت لە کاکڵەی بیری ئەو حیزبەدا، نەتەوەخوازی بە دیاردەیەکی دزێو و ناپەسەند دێتە ئەژمار. هەر بۆیە تا ئەو ڕۆژەی ئەو حیزبە نەتوانێ خوێندنەوەیەکی سەربەخۆ و خۆماڵیانە بۆ دیسکۆرسی نەتەوە و نەتەوەخوازی لە کوردستان بکا، ناتوانێ دەستێکی ئەمین و جێ متمانە بێ لە ناو ریزەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی نەتەوەیی کوردستاندا.

[1] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، کتێبی "چەپ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان"، لە نووسینی نووسەری ئەم دێڕانە.
[2] بڕوانە پاشکۆی ژمارە 2 ی پێشڕەو و ئۆرگانی تیئۆریکی سیاسی کۆمەڵە.
[3] بڕوانە قطعنامەهای مصوب کنگره دوم کومله نیمه اول فروردین ماه 1360.
[4] پیام نشریه صدای انقلاب ایران شماره ۳۷.سال ۱۳٦۷، به مناسبت دوم بهمن سالروز تشکیل جمهوری مهاباد
[5] هراس حزب دمکرات از رشد مبارزه طبقاتی، پیام نشریه صدای انقلاب ایران،شماره ۳۷ سال ۱۳٦۷
[6] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە کتێبی: "ڕێبازی کۆمەڵە لە توێی بەڵگەکانیدا" نووسینی ئەیوب ئەیوبزادە.
[7] عبدالله مهتدی، تداوم جنگ داخلی در کردستان و سیاست ما، نشریه کمونیست شماره کانی ۱۹ و ۲۰
[8] براهیم علیزاده نشریەپیام صدای انقلاب ایران،سال دوم شماره ۲۱ سال ۱۳٦۷
[9] بروانە، بەرنامەی کومەلە بو خودمختاری کوردستان گولانی ۱۳٦۱ی هەتاویی
[10] کومەلە را بهتر بشناسیم، لە بڵاو کراوەکانی بەشی چاپەمەنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران

بۆ زانیاریی زیاتر سەبارەت بەم مژارە، بڕوانە بەرهەمەکانی دیکەی نووسەری ئەم دێڕانە:
- چەپ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان؛ کۆمەڵە و دۆزی ناسیۆنالی کورد، ئەیوب ئەیوب زادە، بەرگی یەکەم، ساڵی وەشان 2002
- ڕێبازی کۆمەڵە لە توێی بەڵگەکانیدا، ئەیوب ئەیوبزادە، (وەشانی ئەلکترۆنی)